# دڵم نایەت ,ئەگینا ئەمردم

**توانائەمین**

بەفرەکە لە ژێر پێما خرمەی دێتو من وڕوو هێواش هەناسەم توندە ....دەرگای ئوتێلە کە ئەدەمە بەرنوکە پیٚ و کەس لیٚم ناکاتەوە ، ئەم شارە بۆنی سەگی لیٚ دیٚت من وام کەزۆر بێتاقەت دەبم جوێن بەشار دەدەم . ئەو چاوەکانی ماندوون ، دەستی دریٚژتر دێتە پێشچاوم سەرێکی سیسەمەکەی لەگەڵ هەڵگرتووم و دەمانەوێت بینوسێنین بە دیوارەکەوە ، ئاخر من لای نەبێت خەوم لێنەدەکەوت . خۆم بەدیوارە ساردەکەوە نوساندووە و هەستدەکەم دڵم هێواش هێواش سست دەبێت .... سەگێك دەقروسکێنیٚ من شەق لەدەرگاکە دەدەم و کەسیٚ نایکاتەوە نازانم لەتەنیایا یان لەسەرمادا باوەشم کردووە بەخۆما .

هەموو ئەو شتانەی بەسەرمادێن بەلامەوە دووبارەن دەڵێی پێشتر لەهەمان جیٚ من هەمان شتم بینیووە ماوەیەکە وام لێهاتووە ، دایکم چەناگەی گرژدەکات و دەڵیٚ واهیٚمەیە . تۆ هێشتا بەلاتەوە زووە بۆ نوسینەوەی ئەو ڕۆژاگارانەی لە ئوتێلە فەقیرەکانی شاردا ڕۆژت دەکردەوە ، ئەو ڕووی لەو دیووە و لەتەنیشتمەوە ڕاکشاوە هەناسەیەکی دریٚژ و سارد هەڵدەمژیٚ و هێشتا نەیداوەتەوە کە من دەزانم هەموو ئەوانەی خۆشماندەوێت ئەوانە نین کە لە تەنیشتمانەوە نووستوون .... ! دایکم دەڵیٚ واهیمەیە کوڕە ئازیزەکەم لەسەری خۆتی دەرکە .

بەجوتیٚ پێڵاوی خەنەییەوە تازە بەفری سەر شەقامە باریکەکە قاژ دەکەم ، کەس بەوێدا ناڕوات یان دەڕوات و من کەس نابینم کەس.... ئەویش نابینم کەوا لەسەر سەرچەفە گۆشتیەکەی سەر سیسەمەکە بەتەکمەوە ڕاکشاوە . تۆ ئەو دەبینی پێویست ناکات لە گێرانەوەی چیرۆکێکی وادا شتیٚ بڵێین کە دورە لە مەنتیقەوە ... من حیکایەت خوانی راستەقینەی ئەم چیرۆکە دەزانم کەتۆ ئەو شەوە ژنەکەی خۆتت دەبینی بەلاٚم هەستت پیٚ نەدەکرد , دەزاشنم عەرشێکی پان و گەورە لەنێوان بینین و هەست پێکردندا هەیە . تۆ لەم شەوە ساردەدا کەس نابینی بەلاٚم هەست بەعەشاماتێکی گەورەی ئەو شەقامە دەکەین کەوەختە ببینبە ژێر پێیانەوە . مرۆڤەکانی ئەویٚ سەیرن بەتەمەنەکانیان کورت و قەمبورو مناڵەکانیان درێژو لۆقنن .... چاوت بچوك دەکەیتەوە و ورتر دیقەتی ئەو ساوایە دەدەیت کەتا ناوکی بەباوەشی دایکی و ناوك بەرەو خوار و لۆقە درێژەکانی وا بەدەست باوکیەوە ،دەستبەجیٚ فکرت بۆ ئەو تیۆرە دەچێت کەپێی وایە جەستەبەپیٚی سروشتی ژیان گۆڕانکاری بەسەر دیٚ ، تۆ لات وایە ئەو قاچە درێژانەی مرۆڤی ئایندە هی ڕاکردنن لەو درکە ڕێیەی ناویاناوە ژیان .... خێراتردەڕۆیت و زۆرتر دەکەویتە چەقی ئاپۆراکەوە سڵ دەکەیت لە خۆت لەو ژن و پیاوانەی لەپێش خۆتەوە کوڵە کوڵ ڕێدەکەن ، دەوەستیت و مات و حەریر ماوی .... نازانم بۆ خەوم لیٚ ناکەوێت !

ئەوابە تەنیشتەوە دریٚژ بووەو کێنگڵ دەدات، پێڵوەکانی بە داخراویش دەتروکیٚ ڕەنگە نەخەوتبێت . تۆ دەیبینی هەموو هەستەکانی خۆی لە چاوەکانیان کۆکردۆتەوە وەکو ئەوەی بیەویٚ بەچاو بژنەفیٚ ... هەموو شت کش و ماتە ، ئەودەنگە دەنگە چیە لەناو منەوە دێت کاسبووم هێواش ...!

وەکوهەموو ئەو ژنانەی دەیناسم ئەمیشم بۆ ڕامناکرێت ، یان خۆم نەویستووە ڕامی بکەم ! من هەر کچێکم بوێت لەم دونیایەدا بەنیگایەك ، پێکەنینێك, پیاسەیەك ، دۆدرمە خواردنێك ، هەر زۆر سرك بێت بەدانیشتێك ئەوەی بمەوێت لیٚ دەکەم، کەچی هەر لەسەرەتاوە ئەم هاوکێشەیەم لەگەڵ ژن بۆ پێچەوانە بووە تەنیا بە چەند ساتێکی کەمی تەلەفونێك هەرچییەکیان بوێت پێم دەکەن .... لە دڵەوە ڕقم لە ژنە و لە دڵیشەوە خۆشم دەوێن . دریٚژایی شەقامەکەت کەرت کردووە وڕوو هێواش بە ملپێچێکیکاکاویەوە هەڵئەکشێت کەس بەدەرەوە نیە سەگ نەبێت .. چ بۆگەنێکی دێت ئەم شارە .

من سەرم لەبۆنی ئەم ژنە ئاوساوە قسەیەك دەکەم ، ئەو پێکەنینێکی گێلانە پێدەکەنێت و دەڵێت ئەوە ((پلایمۆزی 3)) یە ، بۆنێکینەرم و ژنانەیە. من پێیدەڵێم شتێك لەناو تۆیا لە شوێنێکتا

 تۆپیوە بیدۆزەرەوە و فڕێی بە . سیسەمەکە بەجێ دێڵم ، پەردەکە لادەدەم و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکەم نازانم چی دەبینم وەلێدەزانم بیر لەوە دەکەمەوە کە نەدەبا من ئەوەندە سەر بخەمە سەر ئەم ژنە.... من وام چاوە لەسەر شت زۆر وورد دەکەمەوە حەقی خۆمە من بەبۆنی ناخۆش تێکدەچم ، ئەو ڕۆژە لەپاسێکدا بەژنێکی تەنیشتمەوەم ووت تکایە کەلە دەوری مانگانەدای مەیە دەرەوە ، من بەم بۆنەهار دەبم ئەوەم ووتو بەبێ ئەوەی گەشتبێتمە شوێنی خۆم لەشەقامێك دادەبەزم ..... شەقامەکەت تەواو کردووە بەدەستە چەپدا کەوانێ دەسوڕێتەوە بۆ لایبازاڕی ستیان فرۆشەکان .

بـــــا یاری بەپەردە گۆشتییەکەی ژورەکە دەکات دەیەوێت کەشێکی ترسناك درووست بکات ساتێك وێنەی پیاوێکی لەسەر دەر دەکەوێت کەسەری خۆی گرتووە بە بندەستیەوە و دەیەوێت بڕوات ,وەلێ نەیانتای پەردەکە ڕێی دەکات و نە هەنگاوەکانی خۆیشی زاتی جولانیان هەیە پەردەکە دەمێکیش لەکەوارسی شانویەکی کلاسیکی دەچێت کە بەویستی دەرهێنەر بەئاسۆی لەمسەر بۆ ئەوسەرسەما دەکات ... ڕقم لەپەردەیژورەکەیە بەژنەکەمم وتووە من وەکو پەلکەزێڕینەیەك لەڕەنگی کال دروست بووم و بەڕەنگی تۆخیش تێکدەچم . چەندجارم ووت خانم با ئەوجلانەی ژێرەوەت گۆشتیەکی تۆخ نەبێت ... وای وەختە بمـــرم !
زۆر جار بیری دەچووەوە کەمن مێردیم شتەهایەکی دەگووت کە نەدەبا بیگوتایە چاوی لەسەر قەتیس دەکردم ، دەشزانم ئەیڕوانی دەشزانم کە نەیدەبینم ، لێوی دەلەرزی و پچر پچر قسەی دەکرد وەکوئەوەی دەستێکی غەریبەو شارەزا بەر مەمکیچەپی بکەوێت لەپڕ بێدەنگ دەبوو .... ئێستا کێ مرۆڤ وای مەزەندە دەکرد دەستە نەناسەکە چوبێتە گیرفانێکی وون بۆیە وا ئەو کەوتۆتە قسەو هەناسەبڕکێ, کە بەهۆش خۆیدەهاتەوە و منی دەبینی هەمو ئەو کەشە نوێیەی بچووك دەکردەوە بەقەدهەڵماتێکی شیری کەخاڵێکی شین لەچەقەکەیدا مەنگ وەستا بێت دەیخستە ژێر یەکێك لە پێڵوی چاوەکانی ، هەر بەسەرخۆشی نەدەهێنا کەشتێکیکردبێ من هەرجارێ چاوەکردبێ ئەو بریسکە ناجیزوسیحریەم لەژێر پێڵوەکانیا دیوتەوەو بیرم کەوتۆتەوە کە ئەم ژنە چەند لە ژورەکەی منا وون و چەند لەخەیاڵمانا ئامادەیە !!

بازاڕ چۆڵ و هۆڵ و دوکانەکاندا خراون کەچی من ئەو هەموو ڕەنگەی ستیانەکان یاریەکی بێتام بەچاوم دەکەن ، شینی کاڵ ، پەمەیی ، ڕەش ، پڵنگی....... دوکانداره ژنانیەکە خەریکی ڕێخستنی یەك دوو ستیانی تازەیە, زۆر زانانە دەیەوێ بەهۆی شێوازی ڕێکخستنەکەیەوە بەمشتەریەکان بڵێیت "بڕوانن بزانن ئەم موعجیزەیە چۆن مەمکی پڕو خڕو کەوانی لەمەمکی درێژو باریك ولات جیادەکاتەوە" شۆڕشگێڕانە هوتاف دەکێشێت " وەرنەوە دەتوانین دونیا لەسەر دەستی ئێوە ومەمکی ناو ستیانە ناسکەکانی من بگۆڕین" گوزەرە چۆڵەکەی ستیان فرۆشەکان جێدەهێڵیت .

هەناسەم توندە ژورەکە بەشیهەنسکی بوکە شوشەیەك هەوای تێدا نەماوە ، ئەم ژورە لەبەرەوە وانەبوو .... ! ئەو وەك هەرشتێکی بێگیان وەکو پەیکەرێك ناوەکو خۆی ڕاکشاوە ، هەناسەکانی هێندە قوڵ هەڵدەمژێ وەختێك دەیداتەوە مرۆڤ وا دەزانێ بەو هەناسەیە پەپولەی پایزەیەك دەنێرێ بەدوای خەونێکی دوور لە مەملەکەتێکی دوورا .

لە مەکتوبێکی بچوکدا لەسەر مێزتەوالێتەکە بۆم نووسیوە "دڵەکەم ،ئەگەرخۆشت دەوێم چاوەڕێم مەکە من لەهەر سەفەرێکما چاوەڕێ کرابێتم نەهاتومەتەوە" . دەرگاکەم لەدوای خۆمەوە داخست و بەوەشەوە بەفراو هاتمە دەرەوە ، دەشزانم ئەو خانمە بێگوێیە هێندە چاوەڕێم دەکات کەئیتر نایەمەوە
دڵمنایەت ئەگینا ...... دەی هیچ لە کۆگایەکدا بەمەیفرۆشێکی مناڵکار دەڵێم بیرەیەکی ساردم بەرێ دڵم زۆر پڕە.